شیعر

**ئێوارەی** پایزێکی درەنگە و گەڵا کەوتووەکان زەوییان داپۆشیوە،
درەختەکان رووت و رەشن. لە پەنجەرەوە دەبینم، کچەکەم لە ناو
رووباری گەڵادا مەلەوانی دەکا. هێندە لە پەنجەرەکەوە نزیک
بووم، هەڵمێکی تەنک بەرچاوی گرتم.
کچەکەمم لەبەرچاو ونبوو.
درەختەکان ونبوون.
گەڵاکان ونبوون.
وا لە نێوانی من و ئەودا، پەنجەرەیەکی
تەم گرتوو هەیە. تا لە ناو ئەم
سرووشتە رەنگینەدا ببینم، هەر بە
سەرەپەنجە بەرچاوم سڕییەوە.
ئەوسا بینیم، گەڵای رەنگاورەنگ، بەسەر
سەر و پێکەنینی ئەودا دەباری.



رزگار شێخانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com